

# پاییزو مۆدەی بۆدی و فانیلە

لەگەڵ کۆتایی هاتنی وەرزی هاوین و سەرەتایەکی تازە بۆ وەرزی پاییز، لەم ماوەیە مۆدەکانی بۆدی و فانیلەی کراوە دەبێتە مۆدەی ئەو سەردەمە. بە مەرجێك کراوەیی و خاوی لە شێوە و جوانی بۆدییەکان دەبێتە هێمایەك بۆ جوانی و زیاتر رازانەوە. بۆیە دەبێ لەم کاتە گرنگی بە جوانی بۆدی و فانیلەکان

# یەک رەنگی و هاوشێوە لە ئێک

کاتێك باس لە ئێکسسوارەکان دەکرێت، چەندەها مۆدە و شێوەی جوانی لە ئێکسسوار دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەوەی شێوەی نەخش و جوانی لە رەنگ و شێوەکانیان دەبێتە هۆکارێك بۆ زیاتر جوانی و ناسکی لە مۆدەکانی ئێکسسوار. دەبێ لە رێگەیەك ئەو ئێکسسوارانە هەڵبژێرین کاتێك لە گشت لایەنەکان ئەنجامێکی سەرەنجراکێشی و جوانی دەردەخات، کەچی بەم دواییە مۆدەیەکی تازە لە ئێکسسوارەکان دەرکەوت،





# لە جوانی گونجاندنی جلەکان ئاگادار بە!

جلوبەرگ دەبێ بەو پەڕی جوانی و رازاوەیی بپۆشرێت، بۆیە هەڵبژاردنی ئەو جۆرە جلانەی لەلایەنێك جوانییەك دەردەخەن، دەبێ لە هەمان کاتیشدا بە ناسکی و کراوەیی دەربکەوێت. مەرج نییە گشت جلەکان بە ستانداردێکی یان قیاسێکی تایبەت بێت، هەندێك جار جلەکان جوانییەکی دەرەکی دەردەخەن بە جۆرێك پێشبینی جیاوازی دەبێت لەوەی سەرەتا هەڵبژێردراوە.

ئەو چەند دەستە جلانە، هێمایەکی فەرامۆشی نیشان دەدەن، لەگەڵ ئەوەی بە جوانییەکی درەوشاوە لەسەر جەستەی خانمان دەوەستێت، دەکرێت سوود لە جوانی ئەو جلانە وەربگرین، یان بە شێوەیەك گونجاندان و یەکسانی لە جلەکان دەردەکەوێت. بەمەش دەبێت خانمان لە جوانی گونجاندنی جلەکان ئاگادار بن، لەگەڵ ئەوەی گرنگیش بە مۆدەکانی جلوبەرگ بدەن.






بدرێت و زیاتریش تایبەتمەندییەکان دەربکەون.

ئەو بۆدی و فانیلانەی جێگەی سەرەنجراکێشبوون و جوانییە، ئەوانەن بەبێ قۆڵە و زیاتریش لەلایەن سنگی کراوەیە، تەنانەت لەگەڵ ئەوەی شێوەی بەم دیمەنە دەوەستێت، کەچی لەسەر جەستەی خانمان بە رێك و کراوەیی دەوەستێت، گرنگ نییە لە هەر جۆرە رەنگێك بێت، گرنگی لە جوانی پێکهاتەی بۆدی و فانیلەکانە.

## سوارەکانت

ئەویش بە بوونی یەك رەنگی و هاوشێوەییی لە گشت ئێکسسوارێك، یان ئامادەکردنی دەستە ئێکسسوارێکی تایبەت بۆ خانمێك. واتە لەم رێگەیە دەبێ ئێکسسوارەکان بە هەمان رەنگ و شێوە دەربکەون، مەبەستیش لە ئێکسسوارەکان ئەوانەن : گوارە –ملوانکە – ئەڵقەی پەنجە – بازنگ – کاتژمێر- دەستە بازنگ – ئەنگوستیلە!



## ستایلی جوانکاری لە دیکۆڕیماڵەکەت

لەگەڵ ئەوەی کاری گرنگی دان بە کاروباری ماڵ، بە هەنگاوە سەرەتاکان دەست پێدەکات، تەنانەت دەبێ گرنگی لە گشت بەشەکان بەدی بکرێت، بۆ ئەوەی لە نزیکدا کەرەستە و لایەنە جوانییەکانی ماڵ دەربکەوێت، یەکێك لە تایبەتمەندیە سەرەکییەکانی ماڵ، بوونی دیکۆرێکی رازاوە و کراوە بە جۆرێك لەگەڵ ستایل و جوانی گشت لایەنێکی ماڵەکە بگونجێت.

دەکرێت بە هەندێك کەرەستە زیاتر ماڵەکان رازاوەتر بکەین، یان لە رێگەی ئێکسسوارە ناسکەکان وەك: گوڵ – گلۆپی رووناکی – فنجانە و کەرەستەی دەستکرد و جوان، دەتوانرێت ئەو کەرەستانە لە ژوورەکانی وەك: دانیشتن (سالۆن) – هۆڵ – ژووری چێشت، ئەو کەرەستانە دابنرێن و جوانییەکی بێهاوتا دەبەخشن بەسەر جوانی ماڵەکاندا.





# بە دوو مۆدە تەنوورەی کورت هەڵبژێرە













جوانی جلوبەرگ لە هیچ کات و ساتێکدا گرنگی کەم نابێتەوە لەگەڵ ئەوەی گشت جۆرە جلەکان رازاوەیی و ناسکی لە دیکۆر و نەخشەکانیان دەردەکەوێت، بەڵام دەبێ خانمان بزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ جلوبەرگ دەکەن، یەکێك لەو جلە ناسکانەی جێگەی جوانی و گرنگی دانە بریتییە لە (تەنوورەی کورت)، ئەمەش وەك مۆدەیەکی ناسك و بۆ زیاتر سەرەنجراکێشی و گونجاندن دەپۆشرێت.

تەنوورە کورتەکان، لە دوو مۆدە یان بە دوو جۆرە شێواز دەپۆشرێن، یاخود بە تەنیا بەبێ جلی دیکە، یان دەکرێت لەگەڵ کیلۆت و کۆلۆن، یان لەگەڵ کاوبۆی بپۆشرێت، جوانی تەنوورەی کورت لەگەڵ کۆلۆنەکان دەردەکەوێت، بە تایبەت کۆلۆنی رەش – سپی – سوور – زەرد – سەوز، بەڵام دەبێ گونجاندن نێوان رەنگی تەنوورەکە و کۆلۆنەکان رێکبخرێت.

## ئوتومبێلی زەڕافە

تەکنۆلۆژیا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەدوای کاری تازە و سەیر دەکەوێت، تەنانەت دەتوانێت شتی وا دروست بکات لە مێشك و بیری مرۆڤ دوور بێت. لەگەڵ ئەوەی بیرۆکە سەیرەکان دەبێتە هەنگاوێك بۆ کاری سەیر و بەرهەمی سەرەنجراکێش، بەڵگە بۆ ئەو قسانە ئەو دوو جۆرە ئوتۆمبێلەیە، ئەوەی یەکەم بریتییە لە ئوتۆمبێلێك لە جیاتی ئەوەی تایبەی هەبێت، کەچی دەستیان بۆ داناوە، وەك ئوتۆمبێلی ئاسایی جووڵە دەکات و دەڕوات، دەتوانێت بەسەر گشت شوێنێکی بەرز بکەوێت. ڕەنگی ئەم ئوتومبێلەشی لە دوورەوە لە شێوەی زەرافە و چاڵجاڵۆکە دەکات.





## تێرخواردن نابم

نەخۆشییەکان بە جۆرێك دەردەکەون و ناکرێت کۆنترۆڵی بکرێت، ئەوەی دەیبینن منداڵێکە لە وڵاتی هیندستان دەژییێت و، بەم دواییە نەخۆشییەکی گەورەی لێوە پەیدابووە، بەهۆی هەڵە لە هۆرمۆنەکان حاڵەتی برسی بوون و تێرنەبوون لێوەی پەیدابووە.

سۆمان خاتوون، ئەو منداڵەیە تەمەنی (٥) ساڵ دەبێت و بە بەردەوامی خواردن دەخوات بەبێ ئەوەی تێر بێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەردەم دەگرییت و هاواری خواردن دەکات. تا ئێستاش جەستەی لە قەڵەو بوون ناوەستێت و ڕەنگە ببێتە یەکێك لە قەڵەوترین مرۆڤەکانی جیهان.







## قژە درێژەکان


خاوەن قژە درێژەکان، هەست دەکەن شتێکی سەیر و جیاوازیان هەیە لەگەڵ گشت کەسێکی دیکە، ئەمەش بەهۆی بوونی درێژی قژیان بە جۆرێك لە هەر قژێکی دیکە زیاتر درێژتر بێت. تەنانەت لە درێژی قژیان بێزارن و ناتوانن خزمەتی بکەن.

خانمە فلیپینییەکان زیاتر بە قژ درێژی بەناوبانگن، لە منداڵییەوە قژیان نابڕدرێت بۆ ئەوەی ببن بە خاوەن قژێکی درێژ، ئەوانەی دەبینن کۆمەڵە خانمێکن لە وڵاتی فیلیپین، بە خاوەن درێژترین قژ دادەنرێن لەسەر ئاستی جیهان. درێژترین قژ لە ناو ئەو خانمانە قژی (کاریتۆ)یە کە درێژی قژی دەگاتە (٣) مەتر.

# چێلێک بە نەخشەی جیهانە

هەندێك جار شــتە سادەكان بە نرخ دەبن و لەلایەن گشت كەسێك گرنگی پێدەدرێت و دەبێتــە بەرهەمێكــی گەورە و ســەیر، ئەمــەش وەك كارە سرووشــتییەكان كاتێك دەردەكــەون لەلایەن مــرۆڤ و گیانداران، تەنانەت دەكرێــت ئەو لایەنانە ســوودیان لێوە وەربگیرێت لە بواری ســەیر و سەمەرە و لایەنە زانســتییەكان، ئــەوەی دەیبینن چێڵێكە وەك هەر چێڵێكی ئاسایی، كەچی جیاوازییەكــی گەورە لــەم گیاندارە بەدی دەكرێت، ئەویش بەهۆی بوونی نەخشــەی جیهان لەسەر پشــتی ئەو چێڵە، لە وڵاتی كەنەدا كاتێك (ئەدۆرف) شــتێكی سەیر لە چێڵەكەی دەبینێت، دواتر كەسانی دیكەی لێوەی ئــاگادار دەكاتەوە لەوەی چێڵەكەی نەخشەی جیهانی لەسەر جەستەی هەیە.







# گوێجگە فیل و ١٢ پەنجە

شێوە ســەیرەكان بە ئاسانی دەرناكەون، ئەوانــەی هەســت دەكــەن لایەنێكــی جەستەیان كەموكوڕی هەیە نایەوێت لەناو خەڵكدا بەرچاو بن، یان باســیان بكرێت. كەچــی لەلای ئــەو دوو پیــاوە خاوەن ســەیرترین رووخسار و دەستن، دەیانەوێت گشــت جیهان بیاناسێت لەوەی ئاشنایی شتە سەیرەكانیان بن.

تۆماس ریۆ، خەڵكی وڵاتی بەرازیلە، یەكێكــە لە ســەیرترین مرۆڤەكان خاوەن رووخسارێكی سەیر و گوییەكانی گەورەن و لە پیاوی گوێجگە فیل یاخود ئاسمانی ئەوانەی لە فیلمەكان دەردەكەون دەچێت. ئەوەی دیكەش ماســیمۆ رایتە لە وڵاتی ئیتاڵیــا، لە هەردوو دەســتەكانی (١٢) پەنجە هەیە، واتــە (٢) پەنجە زیاتر لە دەستەی هەر مرۆڤێكی ئاسایی.



# شارێک لە هێلکە



كێ هەیــە بتوانێت دوو هێلكە لەسەر یەكتر دابنێت، بێگومان یان دەشكێت یان شتێكی بەسەر دێت، كەچی لەلای ئەو بەهرەمەندە لە وڵاتی كۆریــا، بەبۆنەی یادی (٥٠) ســاڵەی هەرێمەكەیــان، توانی سەیرترین نمایش بە هێلكە دروست بكات و دواتریش نیشانی بــدات. ئــەوەی دەیبینن وێنەی شــارێكە لە وڵاتی كۆریا، گشت لەم شارە لە هێلكە دروست كراوە.

هێلەكەكانیــش لە دوو رەنگ پێكهاتــووە بــۆ ئــەوەی زیاتر گوزارشــت بكرێت لــە هەندێك شــوێن، (یۆنــگ لیــان) ئەو گەنجەیە لە تەمەنێكی بچووكی (٢٤) ســاڵەی، توانی ئەو شارە گەورەیــە لــە هێلكە دروســت بكات.



# تۆڵەی ئافرەتان لە خیانەتی پیاوەكان

لەلای خۆمان پیاوەكان كاتێك تووشی خیانەت دەبن، ئەگەر لەلایەن خێزانەكانیان بزانرێت رەنگە تووشی قسەی ناخۆش و جار جارەش دەبێتە هۆی تەڵاق و جیابوونەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتەكان بەبێ دەنگ كۆتایی بەم كێشەكان دەهێنن، ئەمەش وەك بێدەنگ بوونێك لە بەرامبەر كێشەكان. كەچی لە وڵاتانی ئەوروپا و رۆژئاوا، ئافرەتەكان بە بێدەنگ بوون ناوەستن و كاری سەیرتر ئەنجام دەدەن، ئەوەی دەیبینن لەم وێنانە وەك هێرش كردنە سەر ئوتۆمبێلی پیاوەكانیان یان تێكدان و بۆیە رژاندن وەك تۆڵە سەندنەوەیەك لە خیانەتی پیاوەكانیان، لە سەیرترین حاڵەتەكاندا ئافرەتێك چەندەها (قازمە)ی لە ئوتۆمبێلی پیاوەكەی گیركردووە، یاخود بۆیاخ بەسەر ئۆتۆمبێلەكاندا دەرژن.

# بۆیەی قژ چاوەكان كوێر دەكات

زۆر جار بەرهەمە بەسوودەكان دەبنە هۆی كاردانەوەی خراپ و لە لایەنێكی دیكەدا كاریگەری دەبێت لەسەر مرۆڤ، وەك هەندێك لە داو و دەرمان، یان ئەو كەرەستانەی بۆ كاری جوانكاری بەكاردەهێنرێن، بەمەش دەبێتە رێگەیەك لە بەردەم بواری بەكارهێنان و كاریگەری لەسەر مرۆڤ. ئەوەی دەیبینن یەكێكە لەو حاڵەتە سەیرانەی بریتییە لە لە دەست دانی چاوێكی ئەو پیاوە. (ئەندی مێگان) خەڵكی وڵاتی ئەمەریكایە، دوای ئەوەی بۆیەی بەكاردهێنا بۆ رەش كردنەوەی قژی، بەهۆی زۆر بەكارهێنانی ئەو بۆیەیە، تا رۆژێكیان بۆیەكە دەچێتە ناو خانەكانی سەر و بەمەش دەبێتە كاریگەری لەسەر چاوی راستە و كوێری دەكات.





# مۆبایلە جوان و

كەرەستە سەیرەكان بە جوانی و ناسكی دروست دەكرێن، تەنانەت لە رێگەی دروست كردنی كەرەستە سەرەنجراكێشەكان، بە جۆرێك جێگەی سەمەرە و، وەك كەرەستەیەكی بە بەها سەیر دەكرێت، ئەوانەی دەیبینن چەندەها ئامێری مۆبایلە بە چەندەها شێوە و وێنەی سەیر دروست كراوە. لەگەڵ ئەوەشدا جێگەی








## سەیرەکان ببینە!

سەرسوڕمانی گشت کەسێکە لەوەی چۆن کەرەستەی لەم جۆرە دروست دەکرێت، ئەگەر لە دوورەوە سەیریان بکەیت، هەرگیز بەم شێوەیە نابینرێت ئامێری مۆبایل بێت، لەگەڵ ئەوەشدا مۆبایلە و، وەك هەر مۆبایلێك كار دەكات. هەندێكیان لە شێوەی قاپشە و ئەوانەی دیكەش وەك جەنتایەكی دەست وایە.





## لاوازترین جەستە

ئەوانەی خاوەن جەستەی لاواز و باریكن، ژمارەیان كەمە و ئەوەندە نین، وەك ئەوانەی قەڵەو بن و كێشیان زۆر بێت. ئەوەی دەیبینین یەكێكە لە لاوازترین خانمانی جیهان، بە جۆرێك جەستەی ئەوەندە باریكە ئەگەر شتێكی پێبكەوێت رەنگە بشكێت یامن بچەمێتەوە.

(ئەلیشیا) ئەو خانمەیە لە وڵاتی (رۆمانیا) دژەیێت، جەستەی زۆر لاواز و باریكە، هەر لە شانەكانی تاوەكو قاچی لە جەستەیەكی ناسك و بچووك دەردەكەوێت. كێشی تەنیا دەگاتە (٣٠) كیلۆگرام، كەچی سەری وەك سەری هەر كچێكی دیكەی ئاسایی وایە.



## قژێک تا ئێستا نەشۆراوە!

هیدرۆفۆبیا یەكێكە لە سەیرترین نەخۆشییە سەیرەكانی جیهان، تووشی ئەو كەسانە دەبێت كاتێك لە ئاو دەترسن و ناتوانن لێوی نزیك بن. تەنانەت رێژەیەكی كەم ئاو دەخۆنەوە، بەمەش نابێت ئەوەندە نزیك بن لە ئاو، وەك نەخۆشییەكی دەروونی هەردەم دەبێ لە ئاو دوور بن. ئەو ئافرەتەی دەیبینین لە تەمەنی منداڵی تووشی ئەو نەخۆشییە بووە و بۆیە تا ئێستاش قژی نەشووشتووە !

(میراس) ئەو خانمەیە لە وڵاتی (نەمسا) دەژێت، نزیكەی (٢٧) ساڵە قژی نەشووشتووە و ناتوانێت ئاو بەخۆی دابكات بەهۆی ئەو نەخۆشیەوە. وەكو دەبینین چۆن قژی وەك پارچەیەك قوڕ دەردەكەوێت و بەهۆی ئەوەی ئەوەندە پیسە!



# (٢) ساڵە ئەو جلەی لەبەرە

ئەگەر سەیرێکی ئەو پیاوە بکەن، سەرتاپای خۆی و ئوتۆمبێلەکەی لە چیمەن (فریز)، پۆشیوە، ئەمەش وەك مۆدەیەك بۆ سەرەنجراکێشی و جوانی، ئەم گەنجە ناوی (بیرنارد)ە لە وڵاتی ئیرلەندا دەژییێت، ماوەی (٢) ساڵە ئەو جلە دەپۆشێت و بۆ گشت شوێنێکیش دەچێت، تا ئێستا بەم شێوەیە، خۆی و ئوتۆمبێلەکەی لە سەوزایی دەچێتەوە!



# وێنەگرتنێکی سەیر

یەکێك لە وێنە سەیرەکان، بریتییە لەم وێنەیەی گیراوە، وێنەکەش بریتییە لە کۆمەڵە ئافرەتێکی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی، کە گشت لەم ئافرەتانە خۆیان پێچاوە و دەمامك داوە، کەچی وێنەش دەگرن، سەیری وێنەکە لەوەدایە کەسیان دەم و چاویان دیار نییە تا لە وێنەکە دەرچێت، تەنیا جەستەیان دەردەچێت و رەنگە لە دواى هێنانەوەی وێنەکە کەس خۆی نەناسێتەوە!

# بۆ ئاسوودەیت

☺ - لە یەکێك دەپرسن بە رای تۆ کۆنترین گیاندار چییە لەسەر رووی زەوی ؟!
ئەویش بەبێ دوو دڵی گوتی: گوێدرێژی کێوی!
دواتر گوتیان بۆ وادەڵێت و بە چی دەزانیت؟
ئەویش گوتی: چونکە هێڵەکانی جەستەی کەرە کێوی رەش و سپییە!

☺ - لە پیاوێکیان پرسی تەمەنت چەندە؟ گوتی (٤٥) ساڵ. دوای ١٥ساڵی دیکە دیسان لێیان پرسی تەمەنت چەندە؟
گوتی: (٤٥) ساڵ!
گوتیان: چۆن دەبێت و هەر وەکو خۆتی؟!!
ئەویش گوتی: پیاو عەیبە لە قسەی خۆی پەشیمان ببێتەوە!




**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**
چیتر ناتوانی هەستی خۆت بشاریتەوە بەرامبەر ئەو کەسەی بە نهێنی خۆشت ئەوێت، کاتی ئەوە هاتووە بە ئاشکرا هەستی خۆتی پێ بڵێی.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**
ئەم ماوەیە بە باشترین شێوە خۆت ئامادە بکە و گشت توانای خۆت بەکاربێنە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بیت لەو ئەرکە نوێیەی کە پێت دەسپێردرێت.

**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**
خۆشەویستەکەت بە راستی تۆی خۆشدەوێت بۆیە رێگا مەدە کێشەیەکی بچووك کۆتایی بەپەیوەندی نێوانتان بێنێت.


**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**
هاورێکانت تویان خۆشدەوێت بۆیە ئامۆژگاریت دەکەن، قسەی ئەوان لەبەرژەوەندی تۆ دایە بۆیە تۆش سوپاسیان بکە و بە قسەیان بکە.

**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**
ئەوەندە بە رەشبینی لەژیان مەروانە و گەشبین بە، چەند کەسێك دەناسیت و دەبنە هاورێی نزیکت بەڵام هاورێکانی ترت لەیاد مەکە.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**
ئەگەر خۆشەویستت نییە دەرفەتێکت دێتە پێش بۆ ناسینی کەسێك لەرەگەزی بەرامبەر و درووستبوونی پەیوەندییەکی سۆزداری.

ئا/ هێمن قەسرەیی





## ئاســـۆیی:

١- گۆرانیبێژێکی کــوردە خاوەن وێنەکە (١)

٢- گۆرانی بێژێکی کوردی کۆچ کردووە خاوەن وێنە (٢)

٣- بەشێـک لـە لـەش- وڵاتێکی ئاسیایە (پ) – پێچاو پێچ.

٤- تــەل (ت) – بەدبەخت- ژمارەیەکە.

٥- شاعیرێکی رووسی بوو (پ).

٦- یاریزانێکی هەڵبژاردەی چیك (پ)- نیوەی هاژە.

٧- وەکو یەك- سێ پیتی تەنگ- پادشا.

٨- بەتاڵ- زمانێکە لە هیند.

٩- پیتێکی E (پ). سێ پیتی وەرنە.

١٠- سێ پیتی معاش- بەرێز- نیوەی وانە.

١١- شارێکە لە فەرەنسا- شانۆنووسێکی فەرەنسی بوو (پ).

١٢- دۆزەرەوەی بۆمبی ئەتۆمی.

## ســـتوونی:

١- گوڵگاری جامی کەنداوی (١٩) ی ٢٠٠٩.

٢- کتێبێکی شانۆگەری (بەی دەبایە).

٣- وەکو یەك- ناوێکی کورانە (پ)- رەنگێکە.

٤- وەکـو یـەك – کـەش (ت)- تەزیو.

٥- شەش پیت لە نایلیۆن.

٦- شارۆچکـەیەکـی عێراقە (پ)- بێ دەنگ (پ).

٧- پایتەختی وڵاتێکی عەرەبییە (پ)- هیت (ت) میوەیەکە.

٨- درك (ت)- دۆزەرەوەی پەنسلین (پ).

٩- نیوەی یاسر- توخمێکی کیمیاییە (پ).

١٠- تێر- چرا- چەکێکی کۆنە (پ).

١١- قازانج (پ)- فرۆکەخانەیەکە لە بەریتانیا.

١٢- وەزیری دەرەوەی ئێران.

*ئا/ فەرهاد محەمەد ئاژگەیی*

## بۆ زاخـــاوی مێشك

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..



☐ ☐ ☐ ☐ ☐ ☐ ☐

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٣) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (بە مانای بزر بوون دێت)
- پیتی خانەکانی (٦+٧+١) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی رۆژ - تاریکی)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆبکەیتەوە بە مانای (ژمارە یەك بە ئینگلیزی)
- پیتی خانەکانی (٦+٥+١) کۆ بکەیتەوە بە مانای (وشەیەکە وەك مێرکردن بەکاردەهێرێت)!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (کــیژان) بوو




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

بــاری داراییت باشــتر دەبێت و کێشــە داراییەکانــت کــەم دەبنــەوە، ئەگەر بەم شــێوەیەی ئێســتا هەوڵ بدەی لەماوەیەکــی نزیکدا دەگەیە بە ئاواتی خۆت.




**دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

دەرگای بەختت دەکرێتەوە و بە بەراوردکردن لەگــەڵ رۆژانی رابــردوو ئــەم ماوەیە خۆشترین کاتەکانی ژیانت بەسەر دەبەی.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

پەیوەندی ســـۆزداری ژیانــت دەگۆرێت، خۆشویســتی لەدەرگای دڵــت دەدات و یەکەم دیدار دەبێتە هۆی ئەوەی بەچاوێکی تر لە ژیان بروانیت.




**گیسك ١٢/٢٢ - ١/١٩**

پێویست ناکات زیاد لەپێویست کاتی خۆت تەرخان بکەی بۆ ئەو کارانەی پەیوەندییان بەتۆوە نییە، لەجیاتی ئەوە کارەکانی خۆت جێبەجێ بکە.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

خەندە بکە بە هاورێی خۆت، ئەمە هۆکارێکە بۆ ئەوەی خەمەکانــت کەم بکەیتەوە، بۆیە پێبکەنە و خەم لەخۆت دووربخەوە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

خۆت لەو کەســانە بپارێزە کە دژایەتیت دەکەن و هەســتت بریندار دەکەن، بەدوای هاورێی بەوەفا بگەرێ تۆ پێویســتیت پێیان هەیە.

hemntoni@yahoo.com